# ڕاپۆرتی

# بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی

فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان
**هەولێر - ٢٠٢٢**

# ناوەڕۆک

بەشی یەکەم: ئامانجەکان ........ ١

بەشی دووەم: ڕێکخستنەوەی ماف و ئیمتیازاتەکانی میراتگرانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیکراو و گیراوانی سیاسی ........ ٢

ماددەی (٢) ........ ٢

بەشی سێیەم: نەهێشتنی سوودمەندبوون لە جارێک زیاتر لە بوودجەی گشتی ........ ٩

ماددەی (٣) ........ ٩

بەشی چوارەم: بواری پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ ........ ١١

ماددەی (٤) ........ ١١

بەشی پێنجەم: دەرماڵەکان ........ ١٤

ماددەی (٥) ........ ١٤

بەشی شەشەم: ڕێکخستنەوەی هەژمارکردنی خزمەت ........ ١٥

ماددەی (٦) ........ ١٥

بەشی حەوتەم: بواری خانەشینی ........ ١٩

ماددەی (٧) ........ ١٩

ماددەی (٨) ........ ١٩

ماددەی (٩) و (١٠) ........ ٢١

بەشی هەشتەم: حوکمەکانی کۆتایی ........ ٢٢

ماددەی (١١) ........ ٢٢

ماددەی (١٢) ........ ٢٢

ماددەی (١٣): سیستەمی بانکی ........ ٢٣

ماددەی (١٥): سیستەمی بایۆمەتری ........ ٢٦

ماددەی (١٦) ........ ٢٧

ماددەی (١٧) ........ ٢٧

## بەشی یەکەم: ئامانجەکان

یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو و لە ژمارە (٢٤٧)ی وەقایعی کوردستان لە ٢٠٢٠/٢/٦ بڵاوکرایەوە و لە ٢٠٢٠/٧/١ کەوتە بواری جێبەجێ کردن.

ئامانج لەم یاسایە هەروەک لە بەشی یەکەمی هاتووە؛ هێنانەدی و بەرجەستەکردنی دادپەروەرییە بۆ شایستەبوون و خەرجکردنی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان و نەهێشتنی سوودمەند بوونی ناشایستە و ڕێگریکردن لە بەهەدەردانی بوودجەی گشتی، بەدامەزراوەیی کردن و یەکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە و یەکە جیاجیاکانی خانەنشینی لە بوارەکانی شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە چوارچێوەی یەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری، و ڕێکخستنەوەی خانەنشینی خاوەن وەزیفە پلە باڵاکان و پلە تایبەتەکان لەسەر بنەمای تەمەن و ساڵانی خزمەت و بڕوانامە، هەروەک لە بەشی حەوتەم (بواری خانەنشینی) ئەم ڕاپۆرتە دەرەنجامەکانی خراوەتەڕوو.

ئەم ڕاپۆرتە لەسەر بنەمای بڕگە و مادده و بەشەکانی یاسای چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ بەپێی ئەرك و تایبەتمەندی هەر وەزارەت و لایەنێکی نەبەستراو بە وەزارەتەکان ئامادە کراوە، و پاڵپشت بەو ڕاپۆرتانەی کە لەلایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ سکرتاریەتی لیژنەی باڵای بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی نێردراوە.

## بەشی دووەم: ڕێکخستنەوەی ماف و ئیمتیازاتەکانی میراتگرانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیکراو و گیراوانی سیاسی

### وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

### ماددەی (٢)

**یەکەم:** بۆ یەکخستنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیکراو و گیراوی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان، ئەم ڕێکار و هەنگاوانەی خوارەوە نراون:

١- پەیڕەوی دیاریکردنی ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٠.

٢- پەیڕەوی دیاریکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٠.

٣- ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١، تایبەتە بە ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو.

٤- ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١، تایبەتە بە ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو.

٥- ڕێنمایی دیاریکردنی مافی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١.

٦- ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١، تایبەتە بە جێبەجێکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٥.

٧- ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١، تایبەتە بە گواستنەوەی دۆسییەی شەهیدانی هێزەکانی (پێشمەرگە، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، ئاسایش، دژەتیرۆر) بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

٨- ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی پلەبەندی مینحەی کەسوکاری شەهیدانی سەنگەر و ناردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

٩- هەڵوەشاندنەوەی مینحەی (١٣,٢٨٢) بەخێوکەر، بەفەرمانی وەزاری ژمارە (٤٨) لە ٢٠٢١/١/٦، کە مانگانە بڕی (٩٩٦,١٥٠,٠٠٠) نۆسەد و نەوەد و شەش ملیۆن و سەد و پەنجا هەزار دینار گەڕاوەتەوە.

١٠- گواستنەوەی دۆسییەی (١٦٣) کەمئەندامی سەنگەر کە کۆچی دواییان کردووە، لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ وارسەکانیان بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

١١- وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بە فەرمانیان ژمارە (١٥٠٤٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٢٠ دۆسییەی (١٠١٨) شەهیدی شەڕی داعش لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە گواستەوە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە مەبەستی دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ وارسەکانیان بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان- عێراق وەک قۆناغی یەکەم.

١٢- دابینکردنی خزمەتگوزاری خوێندن بۆ کوڕ و کچی شەهیدانی (پێشمەرگە، ئاسایشی ناوخۆ، ئاسایش، دژەتیرۆر) ئەوانەی کە دۆسییەکانیان بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران گواستراوەتەوە بۆ سەر وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

**دووەم: پاککردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ماف و ئیمتیازاتی میراتگری ئەو کەسانەی کە بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ هەموارکراو (یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان) کە سوودمەند بوون:**

١- پێکهێنانی لیژنەی وەزارەت بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیر و ئەندامێتی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزارەت.

٢- پێکهێنانی سێ لیژنەی لاوەکی لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) بۆ ووردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسییەی شەهیدان و ئەنفالکراوان.

٣- پێکهێنانی لیژنەی تاقانەکانی جینۆساید بۆ ووردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسییەکانیان.

٤- پێکهێنانی لیژنەی ناڕازیبوون (سکاڵا) بۆ بڕیاردان لە سکاڵاکان.

٥- پێکهێنانی لیژنەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی بۆ ووردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسییەکانیان و ناردنی بۆ لیژنەکانی تەندروستی.

٦- گەڕانەوەی دۆسییەکانی تۆماری نوێی شەهیدان لە وەزارەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان، بۆ ئەوەی جارێکی تر ووردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسییەکاندا بکرێت لەبەر ڕۆشنایی حوکمەکانی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو (یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان).

٧- دروستکردنی فۆرمی زانیاری بۆ ووردبینی و پێداچوونەوە بۆ شەهیدانی سەنگەر و جینۆساید و هاووڵاتی و زیندانیکراو و گیراوی سیاسی و تاقانەکانی جینۆساید و چاپکردن و ناردنی بۆ لیژنەکان.

٨- بە ئامادەبوونی هەر یەک لە بەڕێزان (وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفاکراوان و وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری تەندروستی و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون) لە کۆبوونەوەیەکدا ئەم خاڵانەی خوارەوە بڕیاری لێدرا:

أ. ئامادەکردن و پــێداچوونەوە بە سەرجەم دۆسییەکانی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ ئەوانەی کە منحەی مانگانەیان هەیە، لەگەڵ ئەوانەی داواکارییان پێشکەشکردووە بۆ تۆمارکردنیان وەک بەرکەوتەی چەکی کیمیاوی بۆ دڵنیابوون لە دروستی زانیارییەکانیان پێش ڕەوانەکردنیان بۆ لیژنەی پزیشکی.

ب. وەزارەتی تەندروستی دوو لیژنەی پزیشکی لە هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی پێکبهێنێت بۆ پشکنینی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی کە بەپێی فۆڕمێکی تایبەت ڕەوانەی لیژنەکان دەکرێن.

ج. شایستە و هاندان لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری دابین دەکرێت بۆ ئەندامانی لیژنە پزیشکییەکان.

د. دیاریکردنی ڕێژەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی و منحەکانیان بەپێی پەیڕەوی ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٢٠) پەیڕەوی دیاریکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢١) وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان (ڕێنمایی دیاریکردنی مافی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی).

٩- وەزارەتی تەندروستی بە نووسراوی ژمارە (٨٧٩٨) لە ٢٠٢١/١١/٩ بە مەبەستی تاوتوێ کردنی خەرجی پرۆسەی پشکنین لیژنەیەکی پێکهێناوە، دواتر بە نووسراوی ژمارە (١٤٩٣٥) لە ٢٠٢١/١١/٢٥ کۆنووسی لیژنەکە لەگەڵ دەرخستەی خەرجی لیژنەکانی پشکنینەوەی بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی ڕەوانەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کردووە و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە نووسراوی ژمارە (١٣٨) لە ٢٠٢١/١١/٢٥ کۆنووسی لیژنە و دەرخستەی خەرجییەکانی ڕەوانەی وەزارەتی دارایی و ئابووری کردووە بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی خەرج کردن.

١٠- تا ئێستا (٧٠٣) دۆسییەی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی، لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندی پێداچوونەوە بە دۆسییەکانی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان پێداچوونەوەیان بۆ کراوە و ڕەوانەی وەزارەتی تەندروستی کراون بۆ ئەوەی لیژنە تایبەتمەندەکان پشکنینیان بۆ بکەن و (١٥٢) دۆسییەیەش ئامادەیە بۆ ناردنی بۆ وەزارەتی تەندروستی بە مەبەستی پشکنینی پزیشکی کە تاکو ئێستا مامەڵەکانیان ڕایی نەکراوە بە هۆی دابین نەکردنی بوودجەی پێویست بۆ لیژنە پزیشکییەکان.

## دەرئەنجامی پێداچوونەوە بە دۆسییەکان:

| ژ | لیژنەی لاوەکی | جۆری دۆسییە | دۆسییە | ووردبینیکراو | لێکۆڵینەوە | پەسەند | نایگرێتەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | بەڕێوەبەرایەتی هەولێر | شەهیدی سەنگەر | ١٢,٩٤٠ | ١٣٤٨ | ١٦٦ | ١٠٨٠ | ١٠٢ |
| | | شەهیدی جینۆساید | ٣،٠٣٠ | ٨٢٠ | ٣٠٠ | ٥٠٠ | ٢٠ |
| | | شەهیدی هاووڵاتی | ٨،٤٥٨ | ١٧٨٧ | ٦٥٠ | ١٠١٢ | ١٢٥ |
| ٢- | بەڕێوەبەرایەتی سلێمانی | شەهیدی سەنگەر | ١٧،٦٩٥ | ٩٠٢ | ٢٦٧ | ٥٩٤ | ٤١ |
| | | شەهیدی جینۆساید | ٧،٨٢٦ | - | - | - | - |
| | | شەهیدی هاووڵاتی | ٨،٧٦٢ | ٧٨٠٦ | ١٨١٠ | ٥٤١٩ | ٥٧٧ |
| ٣- | بەڕێوەبەرایەتی دهۆک | شەهیدی سەنگەر | ٦،٤١٥ | ٢٤١٧ | ١٦٤٩ | ٦٧٤ | ٩٤ |
| | | شەهیدی جینۆساید | ٧٧٨ | ٧٧٥ | ١٤٩ | ٦٢٦ | - |
| | | شەهیدی هاووڵاتی | ٣،٩٠٨ | ١٢٨٢ | ٢٦٩ | ٩٨٨ | ٢٥ |
| ٤- | لیژنەی تاقانەکانی جینۆساید | تاقانەی جینۆساید | ٤١٢ | ٤١٢ | ٥٨ | ٣١٢ | ٤٢ |
| ٥- | لیژنەی بەرکەوتوی چەکی کیمیاوی | بەرکەوتوی چەکی کیمیاوی | ٩،٢٠٢ | ٧٠٣ | | | |
| ٦- | لیژنەی چاکسازی وەزارەت | بەخێوکەری شەهید | ١٣,٢٨٢ | ئەم منحەیە هەڵوەشاوەتەوە لەبەر ئەوەی بنەمای یاسایی نەبووە. | | | |

## کۆی گشتی دۆسییەی شەهیدان لە وەزارەت:

| ژ | جۆری دۆسییە | کۆی دۆسییە | ووردبینیکراو | لێکۆڵینەوە | پەسەندە | نایگرێتەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | شەهیدی سەنگەر | ٣٧٠٥٠ | ٤٥٠١ | ١٩١٦ | ٢٣٤٨ | ٢٣٧ |
| ٢- | شەهیدی جینۆساید | ١١٦٣٤ | ١٥٩٥ | ٤٤٩ | ١١٢٦ | ٢٠ |
| ٣- | شەهیدی هاووڵاتی | ٢١١٢٨ | ١١٧٩٣ | ٣٧١٧ | ٧٣٣٤ | ٧٤٢ |
| | **کۆی گشتی** | **٦٩٨١٢** | **١٧٨٨٩** | **٦٠٨٢** | **١٠٨٠٨** | **٩٩٩** |

**سێیەم: پاککردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کە بە ناوی زیندانی و گیراوی سیاسی بە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١ (یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستانی) هەموارکراو سوودمەند بوون.**

١- بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٤٥) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٣٠ ، ڕاسپاردنی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زیندانییە سیاسییەکان و بانکی زانیاری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ لیژنەی باڵای بایۆمەتری و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری لە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ بایۆمەتری و بەئەلیکترۆنی کردنی لیستەکانی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیکراو و گیراوی سیاسی.

٢- ئاراستەکردنی (٢٩٦) نووسراو لەدوای ٢٠٢٠/٧/١ بۆ حکومەتی عێراقی فیدراڵ کە دۆسییە و ناوی (٥١٣) زیندانی سیاسی لەخۆ گرتووە بەمەبەستی پشتڕاستکردنەوەی بەڵگەنامەکانی گیرانیان و دڵنیابوون لەوەی کە هیچ مووچەیەکی تریان نییە کە دەرەنجامەکەیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- (٩٩) کەس (مقتبس) بەڵگەیان هاتۆتەوە.
- (٣٩) کەس هیچ بەڵگەیان نەبووە.
- (١٢) کەس داوای ناردنی پەنجەمۆریان کردووە.
- (٣) کەس داوای سەردانی کردنی بەغدایان لێ کراوە.
- (٢) کەس داوای زانیاری زیاتریان لێ کراوە.
- (٣٥٨) کەس تاوەکو ئێستا وەڵامیان نەگەڕاوەتەوە.

| ژمارەی گشتی تۆمارکراوان | ژمارەی گشتی ئەوانەی مینحەیان وەرگرتووە | ژمارەی دۆسییەی ووردبینیکراوی پەسەند کراو | ژمارەی دۆسییەی پەسەندکراو کە لە ئێستادا منحە وەردەگرن | ژمارەی دۆسییەی ناشایستە | ئەوانەی یەکلایی نەبوونەتەوە لە هەڵبژاردنی مووچە یان منحە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٥٧٣٤ | ٥١٥٧ | ١٦٣٦ | ١٥٠٤ | ٧٣ | ٥٩ |

بەپێی یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١١ی هەموار کراو ئەوانەی کە (١٠) ساڵ منحەی مانگانەیان وەرگرتووە و هیچ مووچە و منحەیان نەبووە بەم شێوەیەی خوارەوەیە هەڵبژاردنیان کردووە لە نێوان یەکێکیان:

| ژمارەی دۆسییەی ووردبینیکراوی پەسەند کراو | ژمارەی ئەوانەی مینحەیان هەڵبژاردووە و مووچەکەی تریان بڕیوە | ژمارەی ئەوانەی مینحەیان بڕاوە و مووچەی تریان هەڵبژاردووە |
|---|---|---|
| ١٦٣٦ | ٣٥٨ | ٢٣ |

**چوارەم: لەکاتی مردنی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی، بەپێی یاسای خانەنشینی بەرکار لە هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ میراتگرەکانیان دەکرێت.**

١- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زیندانییە سیاسییەکان ڕاسپێردراوە کاری پێویست ئەنجام بدات کە لەکاتی مردنی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی بەپێی یاسای خانەنشینی بەرکار لە هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ میراتگرەکانیان بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٩)ی ٢٠٢٠، بۆ میراتگرانی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی دەرچوواندووە.

٢- تا ئێستا (١٤٥) زیندانی سیاسی کۆچی دواییان کردووە و بەپێی یاسای خانەنشینی بەرکار مامەڵە لەگەڵ وارسەکانیان کراوە و لەوانە (٦٢) زیندانی سیاسی کۆچکردوو وارسەکانیان شمولی وەرگرتنی مینحە ناکەن و (٨٣) وارسی زیندانی سیاسی کۆچکردووش مینحەکانیان کەمکراوەتەوە بەپێی یاسای خانەنشینی بەرکار.

**پێنجەم: ڕێکخستنەوەی لەئەستۆگرتنی حکومەت بۆ خەرجیی چارەسەری تەندروستی و خوێندنی کوڕ و کچ و هاوسەری شەهید کە هاوسەرگیری نەکردۆتەوە لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆ حکومی و ئەهلییەکان لەناو هەرێمدا، دەستنیشانکردنی مەرجەکانی شایستە بوون لەبەرڕۆشنایی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٧) لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ (یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان).**

١- دەرچوواندنی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ خزمەتگوزاری خوێندن و تەندروستی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی دارایی ئابووری و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و پەروەردە و تەندروستی و سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.

٢- دانانی سێرڤەر و بەستنەوەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ بەئەلیکترۆنی کردنی زانیارییەکانی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی، بەمەبەستی ڕێکخستن و بەدواداچوونی خەرجییەکانی خوێندن کە تاوەکو ئێستا نەکەوتۆتە بواری جێبەجێکردن.

٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری خەرجکردنی بڕی تەنها **(١٩,٦٨٦,٤٧٢,٦٠٠)** نۆزدە ملیار و شەش سەد و هەشتا و شەش ملیۆن و چوارسەد و حەفتا و دوو هەزار و شەش سەد دیناری داوە بۆ کرێی خوێندنی کچ و کوڕ و هاوسەری شەهید و زیندانیکراو و گیراوی سیاسی خۆی یان یەکێک لە منداڵەکانی، بەپێی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ بە داشکاندنی (٢٥%) ئەو بڕە پارەیە دراوەتەوە بە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆ ئەهلییەکان، کە تاوەکو ئێستا بڕی **(١٨,٠٦٤,٥٤٧,٦٠٠)** هەژدە ملیار و شەست و چوار ملیۆن و پێنج سەد و چل و حەوت هەزار و شەش سەد دینار خەرج کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ئاستی خوێندن | ژمارە | پارەی خوێندن | پارەی هاتووچۆ | پارەی نیشتەجێبوون | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| **زیندانی سیاسی** | 1393 | 4,087,477,650 | 531,000,000 | 146,250,000 | 4,764,727,650 |
| **باخچەی ساوایان** | 2 | 2,160,000 | 450,000 | 0 | 2,610,000 |
| **پەیمانگە** | 316 | 555,815,000 | 140,400,000 | 28,350,000 | 724,565,000 |
| **زانکۆ** | 884 | 3,003,970,450 | 380,700,000 | 117,450,000 | 3,502,120,450 |
| **قوتابخانە** | 191 | 525,532,200 | 9,450,000 | 450,000 | 535,432,200 |
| **شەهیدان** | 4386 | 10,916,934,950 | 1,617,750,000 | 765,135,000 | 13,299,819,950 |
| **باخچەی ساوایان** | 34 | 109,235,500 | 0 | 0 | 109,235,500 |
| **پەیمانگە** | 1481 | 2,451,250,000 | 653,850,000 | 272,295,000 | 3,377,395,000 |
| **زانکۆ** | 2150 | 6,346,395,750 | 963,450,000 | 492,390,000 | 7,802,235,750 |
| **قوتابخانە** | 721 | 2,010,053,700 | 450,000 | 450,000 | 2,010,953,700 |
| **کۆی گشتی** | **5779** | **15,004,412,600** | **2,148,750,000** | **911,385,000** | **18,064,547,600** |

| ئاستی خوێندن | ژمارە | پارەی خوێندن | پارەی هاتووچۆ | پارەی نیشتەجێبوون | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| **زیندانی سیاسی** | 1393 | 4,087,477,650 | 531,000,000 | 146,250,000 | 4,764,727,650 |
| ب.کاروباری زیندانییەسیاسیەکان | 557 | 1,367,230,900 | 188,100,000 | 62,100,000 | 1,617,430,900 |
| **باخچەی ساوایان** | 1 | 1,080,000 | 0 | 0 | 1,080,000 |
| **پەیمانگە** | 172 | 287,150,000 | 76,500,000 | 18,450,000 | 382,100,000 |
| **زانکۆ** | 263 | 746,435,700 | 111,150,000 | 43,650,000 | 901,235,700 |
| **قوتابخانە** | 121 | 332,565,200 | 450,000 | 0 | 333,015,200 |
| زیندانییەسیاسیەکانی دهۆك | 350 | 1,093,161,000 | 149,400,000 | 49,500,000 | 1,292,061,000 |
| **پەیمانگە** | 60 | 114,850,000 | 27,000,000 | 6,750,000 | 148,600,000 |
| **زانکۆ** | 275 | 940,559,000 | 117,450,000 | 42,750,000 | 1,100,759,000 |
| **قوتابخانە** | 15 | 37,752,000 | 4,950,000 | 0 | 42,702,000 |
| زیندانییەسیاسیەکانی سلێمانی | 486 | 1,627,085,750 | 193,500,000 | 34,650,000 | 1,855,235,750 |
| **باخچەی ساوایان** | 1 | 1,080,000 | 450,000 | 0 | 1,530,000 |
| **پەیمانگە** | 84 | 153,815,000 | 36,900,000 | 3,150,000 | 193,865,000 |
| **زانکۆ** | 346 | 1,316,975,750 | 152,100,000 | 31,050,000 | 1,500,125,750 |
| **قوتابخانە** | 55 | 155,215,000 | 4,050,000 | 450,000 | 159,715,000 |
| **شەهیدان** | 4386 | 10,916,934,950 | 1,617,750,000 | 765,135,000 | 13,299,819,950 |
| ب.کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی کەرکوك | 122 | 168,687,500 | 52,200,000 | 34,650,000 | 255,537,500 |
| **باخچەی ساوایان** | 1 | 2,300,000 | 0 | 0 | 2,300,000 |
| **پەیمانگە** | 34 | 56,410,000 | 15,300,000 | 7,200,000 | 78,910,000 |
| **زانکۆ** | 82 | 102,427,500 | 36,900,000 | 27,450,000 | 166,777,500 |
| **قوتابخانە** | 5 | 7,550,000 | 0 | 0 | 7,550,000 |
| ب.گ.کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی دهۆك | 966 | 3,118,548,500 | 375,300,000 | 146,250,000 | 3,640,098,500 |
| **باخچەی ساوایان** | 19 | 69,097,500 | 0 | 0 | 69,097,500 |
| **پەیمانگە** | 262 | 470,400,000 | 117,900,000 | 38,250,000 | 626,550,000 |
| **زانکۆ** | 572 | 2,144,430,000 | 257,400,000 | 108,000,000 | 2,509,830,000 |
| **قوتابخانە** | 113 | 434,621,000 | 0 | 0 | 434,621,000 |
| ب.گ.کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی سلێمانی | 1218 | 2,622,760,250 | 454,950,000 | 166,950,000 | 3,244,660,250 |
| **باخچەی ساوایان** | 6 | 14,618,000 | 0 | 0 | 14,618,000 |
| **پەیمانگە** | 496 | 706,695,000 | 211,950,000 | 67,950,000 | 986,595,000 |
| **زانکۆ** | 546 | 1,507,417,250 | 242,550,000 | 98,550,000 | 1,848,517,250 |
| **قوتابخانە** | 170 | 394,030,000 | 450,000 | 450,000 | 394,930,000 |
| ب.گ.کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی گەرمیان | 88 | 120,295,000 | 31,950,000 | 3,150,000 | 155,395,000 |
| **باخچەی ساوایان** | 1 | 1,100,000 | 0 | 0 | 1,100,000 |
| **پەیمانگە** | 19 | 30,400,000 | 8,550,000 | 900,000 | 39,850,000 |
| **زانکۆ** | 52 | 67,495,000 | 23,400,000 | 2,250,000 | 93,145,000 |
| **قوتابخانە** | 16 | 21,300,000 | 0 | 0 | 21,300,000 |
| ب.گ.کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی هەولێر | 1992 | 4,886,643,700 | 703,350,000 | 414,135,000 | 6,004,128,700 |
| **باخچەی ساوایان** | 7 | 22,120,000 | 0 | 0 | 22,120,000 |
| **پەیمانگە** | 670 | 1,187,345,000 | 300,150,000 | 157,995,000 | 1,645,490,000 |
| **زانکۆ** | 898 | 2,524,626,000 | 403,200,000 | 256,140,000 | 3,183,966,000 |
| **قوتابخانە** | 417 | 1,152,552,700 | 0 | 0 | 1,152,552,700 |
| **کۆی گشتی** | **5779** | **15,004,412,600** | **2,148,750,000** | **911,385,000** | **18,064,547,600** |

**تێبینی:** ئەم ماددەیە بە گرتنەبەری سەرجەم میکانیزم و رێکارەکانی کەوتۆتە بواری جێبەجێکردن و بە پشتبەستن بە حوکمی برگەی دووەم و سێیەمی لە ماددەی ١١ی بەشی هەشتەم لە یاسای چاکسازی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٠، پێویستە دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکی و داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان- عێراق لەم بارەیەوە کاری پێویست ئەنجام بدەن بەپێی ئەو ئەرکەی کە لەم یاسایەدا بۆیان دیاریکراوە.

## بەشی سێیەم: نەهێشتنی سوودمەندبوون لە جارێک زیاتر لە بوودجەی گشتی

## ماددەی (٣)

**یەکەم: تەرخانکراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان**

١- لیژنە لاوەکییەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەردەوامن لە ووردبینی و پێداچوونەوە بە لیستەکانی سوودمەندان لە تەرخانکراوی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان کە کۆی گشتی بریتییە لە (**٨٦،٢٧٧**) سوودمەند بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ژ | بابەت | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی کەمئەندامان لە ساڵی ٢٠١٨ | **١٠١،١٧٣** |
| ٢ | ژمارەی کەمئەندامان لە مانگی ٢٠١٩/١ | **٧٧،٤٢١** |
| ٣ | بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران لە کۆتای ٢٠١٩ زیادکران | **١٣،١٤٧** |
| ٤ | ژمارەی کەمئەندامان لە مانگی ١/ ٢٠١٩ | **٩٠،٥٦٨** |
| ٥ | ژمارەی کەمئەندامان لە مانگی ١٢/ ٢٠٢١ | **٨٦،٢٧٧** |
| ٦ | ژمارەی کەم ئەندامی فەرمانبەر کە منحەکەیان بوو بە دەرماڵە | **١٣،٢٤٩** |
| ٧ | ژمارەی کەمئەندامان لە مانگی ٤/ ٢٠٢٢ | **٧٣٣٣٩** |

٢- فەرمانبەری کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت:

- پێداچوونەوە بە لیستی ناوی کەمئەندامانی فەرمانبەر کە ژمارەیان (**١٣،٢٤٩**) کەمئەندام بووە.
- بۆ دەرماڵەی لە بری پەکەوتەیی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ دەرکردووە و لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بە ژمارە (٢٦١) لە رێکەوتی ٢٠٢١/٢/٢٨ بڵاوکراوەتەوە و بەپێی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٣) لە ٢٠٢٢/١/٢٥ (دەرماڵەی لە بری کەمئەندامی) کەوتۆتە بواری جێبەجێکردن و لە مووچەی مانگی ٢٠٢٢/٤.
- گشتاندنی دارایی ژمارە (١٣)ی رێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٢ بۆ هەمووارکردنی دەرماڵەی هاتوو لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ لە (بەند و ماددە و جۆری) (٢-١-١-١٠-٢١) خاڵبەندی دەرماڵەی تایبەتی (لە بری کەمئەندامی) تۆمار دەکرێت، و ئەم دەرماڵەیە نابێـتە رێگر لە خەرج کردنی دەرماڵەی تایبەتی تر بۆ ئەم توێژە.

## وەرگرتنی زیاتر لە مووچەیەک بەدەر لە یاسا و ڕێنمایيە بەرکارەکان

### بڕگەی دووەم و سێیەم لە ماددەی (٣):

بە مەبەستی جێبەجێکردنی بڕگەی دووەم و سێیەم لە ماددەی (٣) لە یاسای چاکسازی، لیژنەی باڵای بایۆمەتری و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری، لیستی ناو و زانیاری **(١٠٨١٩)** کەیس دەستنیشان کرا کە لە دوو جار زیاتر لە سیستەمی بایۆمەتری تۆمار کرابوون.

دوای دەرچوواندنی فەرمانی وەزاری ژمارە (١) لە (٢٠٢١/١/٤) پاڵپشت بە یاسای چاکسازی ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠٢٠) بڕیاردرا بە ڕاگرتنی مووچە و خانەنشینی ئەو حاڵەتانەی سەرەوە بە هەردوو گشتاندنی ژمارە (١٢) لە (٢٠٢١/١/٧) و ژمارە (٥٠) لە (٢٠٢١/١/٢٨) گشتێنرا بۆ گشت وەزارەتەکان بۆ کار پێکردن بۆ ڕاگرتنی مووچەی ناشایستە کە دەسەڵات دراوە بە گشت وەزارەتەکان بۆ هەڵبژاردنی مووچەی یاسایی و بڕینی یەکجارەکی مووچەی دووەم و سێیەمیان کە نایاساییین و ناردنی وێنەیەک بۆ دیاریکردنی لە بەشی بایۆمەتری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجە بەپێی ئەم ڕێککارانەی خوارەوە:

١- پێکهێنانی لیژنەیەکی پسپۆڕ لە وەزارەتی دارایی و ئابووری و سەرجەم وەزارەت و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت.

٢- پڕکردنەوەی فۆڕمی تایبەت بە خاڵی یەکەم لەلایەن لیژنەی ڕاسپێردراوی سەرەوە و پەسندکردنی لە بەشی یاسایی و لەلایەن سەرۆکی فەرمانگە و پاشان پەسندکردنی لە دیوانی وەزارەت و فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت.

٣- ناردنی وێنەیەک لە و فۆڕمانە بۆ بەشی بایۆمەتری لە ناو بەڕێوبەرایەتی گشتی بوودجە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە مەبەستی نیشانکردنیان (تأشير).

٤- لەکۆی **١٠٨١٩** دوومووچەی دەرئەنجامی کاری لیژنەی دوو مووچەی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

| ژ | ناونیشان | کۆی دوو مووچەیی | ژمارەی دوو مووچەیی نایاسایی | گۆژمەی بڕدراو |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دوو مووچەیی (خانەنشین) | ٥٩٠٩ | ١٩٧٣ | ٥١٥،٣٣٤،٨١٨ |
| ٢ | دوو مووچەیی (فەرمانبەر- خانەنشین) | ٣٩٧٨ | ١٨٤٩ | ٥٨٧،٨٢٣،٤٧٦ |
| ٣ | دوو مووچەیی (فەرمانبەر) | ٩٣٢ | ٣٦٧ | ١٥٠،٤٦٨،٢٩٧ |
| | **کۆی گشتی** | **١٠٨١٩** | **٤١٨٩** | **١،٢٥٣،٦٢٦،٥٩١** |

# بەشی چوارەم: بواری پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ

## وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە و وەزارەتی ناوخۆ

### ماددەی (٤)

**یەکەم:** بە مەبەستی یەکخستنی یەکەی ژمێریاری، هەردوو یەکەی ٧٠ و ٨٠ لیژنەی باڵای بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە کۆبوونەوەی سێیەمی خۆی تایبەت بە وەزارەتی پێشمەرگە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/١٢ بڕیاریدا بە دانانی میکانیزمێکی نوێ بۆ ئەوەی میلاک و بوودجەی هەردوو یەکە بخرێتە سەر وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە هاوشێوەی لیوا هاوبەشەکان لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی و بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانان وەک پاڵپشتی بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان کە لە کۆی (٢٦) خاڵی پرۆژەکانیان لەگەڵ هاوپەیمانان (٨) پرۆژەیان لەگەڵ یاسای چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ یەکانگیرن.

- پرۆسەی ڕێکخستن و یەکخستنی هێزەکانی دەرەوەی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە لە پێش ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/١ ژمارەی لیوا هاوبەشەکان لە (١٤) بووەتە (١٩) لیوا و میلاکی وەزارەت لە **(٤٣،٣٤٧)** بووەتە **(٥٦،٥٧٥)** پێشمەرگە.
- فەرماندەییەکانی هێزەکانی پشتیوانی ٢،١ خراونەتەوە سەر میلاکی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

| ژ | بابەت | لە ٢٠٢٠/٧/١ | لە ٢٠٢٢/٤/١ |
|---|---|---|---|
| ١ | لیوا هاوبەشەکان | ١٤ | ١٩ |
| ٢ | میلاکی وەزارەت | ٤٣،٣٤٧ | ٦٠،٠١٦ |
| ٣ | فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی | نەبووە | ٢،١ |
| ٤ | ئەو پێشمەرگانەی لە بانک مووچە وەردەگرن | ٥،٨١٨ | ٣٣،٨٠٠ |

**دووەم:** دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕگەیە سەرجەم فەرمانگەکانی بە نووسراوی ژمارە (٩١/١/١) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٥/١٧ ڕاسپاردووە بە ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ ووردبینی کردنی یەکەکانی ژمێریاری هاوشێوەی هێزە ڕێکخراوەکانی سەر بە وەزارەت، و بە هەماهەنگی لە گەڵ فەرمانگەی چاودێری دارایی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

**سێیەم:** بەپێی فەرمانی ژمارە (٥٣٩٤/١٣) لە ٢٠٢٠/٦/٣٠، وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە دەسەڵاتی تەواوی داوە بە فەرمانگەی (چاودێری دارایی) کە یەکەکانی ژمێریاری لە ژێر ووردبینی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان و (فەرمانگەی چاودێری دارایی) بن.

**بڕگەی چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٤):**

- **ئەرکی وەزارەتی ناوخۆ تایبەت بەم دوو بڕگەیە:**

- ڕێنمایی ڕێکخستنی پاسەوانان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١ دەرچووە کە بەپێی ئەم ڕێنماییە ژمارەی سەرجەم پاسەوانانی بەرپرسانی حکومی لە گشت پلەکان دیاری کردووە لە کاتی خزمەت و خانەنشین بوونیان.
- پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوبەرایەتی کاروباری پاسەوانی ئامادە کراوەو لە ماددەی (٣) بڕگەی حەوتەمی ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١ هاتووە کە لە ماوەی (١٨٠) ڕۆژ ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت.
- وەزارەتی ناوخۆ فۆڕمی تایبەت بە ژمارەی پاسەوانان ئاڕاستەی سەرجەم بارەگا و دامەزراوە حزبییەکان و هەروەها پاسەوانی پارێزگاری لە خاوەن وەزیفە باڵاکان و بەرپرسانی سەربازی و ئاسایشی ناوخۆ کردووە بۆ وەرگرتنی زانیاری بە مەبەستی جێبەجێکردنی ڕێنمایی پاسەوانی ژمارە (٦) لە ٢٠٢١/٦/١.
- وەزارەتی ناوخۆ بارەگای بۆ بەڕێوبەرایەتی کاروباری پاسەوانان دابین کردووە و لە ئێستادا خەریکی نۆژەنکردنەوەن.

- **ئەرکی وەزارەتی پێشمەرگە تایبەت بە بڕگەی چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٤):**

- وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بە فەرمانی وەزارییان ژمارە أ/١٥٢٤/٤ لە کانونی دووەمی ٢٠٢١ ڕێژەی پاسەوانانی دیاریکردووە بۆ پلەکانی لیوا و موقەدەم و فەرمانەدەی فەوج و جێگرەکانی لە لیوا هاوبەشەکانی وەزارەتی پێشمەرگە جگە لە هێزەکانی یەکەی ٧٠ و یەکەی ٨٠.

**شەشەم:**

- لیژنەیەکی پزیشکی تایبەت بە دیاریکردنی ڕێژەی پەککەوتەیی لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە پێکهێنراوە بۆ پشکنین و پێداچوونەوەی سکاڵای کەمئەندامانی پێشمەرگە و بۆ ئەوانەی تاوەکو ئێستا بەهۆی بارودۆخی تەندروستی مامەڵەیان بۆ نەکراوە.

لیژنەی ئاماژە پێکراو لە ماوەی کارکردنیان پشکنینیان بۆ **(٩٦٤٦)** کەمئەندام کردووە کە دەرئەنجامەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- (٤٦٥٠) کەمئەندام ڕێژەی پێویست لە سەرووی ٥٠٪ یان لە پشکنین بۆ دەرچووە کە بەپێی بڕیاری لیژنەی پزیشکی لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگە ئەم ڕێژەیە دیاریکراوە بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە دەستنیشان کراون وەک کەمئەندام.

- بەڕێوبەرایەتی گشتی خانەنشینی لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە، هەماهەنگی دەکات لەگەڵ هەردوو فەرماندەیی یەکەی ٧٠ و ٨٠ بۆ جیاکردنەوەی کەمئەندامی سەنگەر کە بەهۆی ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بریندار بوون لەوانەی بە رووداو و بەدەر لە ئەرکی پێشمەرگایەتی بریندار بوون.
- **(٣٤١٧)** کەس رێژەی پێویستیان نەهێناوە، بۆ ئەم کەسانەش لە دوای وەرگرتنی سکاڵاکانیان لەلایەن لیژنەی پزیشکی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەوە دووبارە پشکنینیان بۆ دەکرێتەوە بە مەبەستی جیاکردنەوەی ئەوانەی شایستەن و ناردنی بۆ لیژنەی باڵای پزیشکی وەزارەتی ناوبراو.
- **(١٥٧٩)** کەس مامەڵەکانیان لە پرۆسەی پشکنین دایە بەپێی یاسا بەرکارەکان تاوەکو لەڕێگای لیژنەی پزیشکییەوە بەپێی ڕێژەی کەمئەندام بوونیان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

# بەشی پێنجەم: دەرماڵەکان

**دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**و سەرجەم وەزارەتەکان و دەستە و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت**

## ماددەی (٥)

لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٨) لە (٢٠٢١/٥/٢٦) لە بڕگەی (یەکەم)دا میکانیزمی جێبەجێکردنی ماددەی (٥) لە یاسای چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٠) گفتوگۆی لەسەر کراوە و لە کۆنووسی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بەم کۆبوونەوەیە ڕێکخراوە.

لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/٦/٢٩) لە سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەك بە مەبەستی دیراسەتکردنی ڕێکخستنەوەی دەرماڵەی فەرمانبەرانی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای دادپەروەری و شایستە بوون بەپێی یاسا بەرکارەکان پێکهێنرا.

**لیژنەی ئاماژە پێکراو ئەم هەنگاوانەی ناوە:**

١- دیراسەتکردنی سەرجەم یاسا و پەیڕەو و بڕیار و ڕێنماییە بەرکارەکان سەبارەت بە خەرجکردنی دەرماڵەکان بۆ فەرمانبەرانی هەرێم لە گشت دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان.

٢- سازدانی کۆبوونەوە بەجیا لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەندی هەر دامەزراوەیەك لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان (دامەزراوە دەستورییەکانی هەرێمی کوردستان - سەرۆکایەتییەکان - سەرجەم وەزارەتەکان، دەستە سەربەخۆکان و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت) بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی سەرجەم دەرماڵە خەرجکراوەکانی ئەو دامەزراوانە و تاوتوێ کردنی بنەمای یاسایی خەرجکردنی ئەم دەرماڵانە.

٣- لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان، لەسەر بنەمای دادپەروەری و بنەمای خەرجکردنی دەرماڵەکان بە شێوەیەك شایستەیی یاسایی فەرمانبەران لە وەرگرتنی دەرماڵەکانیان گەرەنتی بکرێت، لیژنەی ئاماژە پێکراو ڕاسپاردە یاساییەکانی بەرزدەکاتەوە بۆ لیژنەی باڵای بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بە پێی پەیڕەوی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ جێبەجێکردنی یاساکە بە مەبەستی پەسەندکردنی.

# بەشی شەشەم: رێکخستنەوەی هەژمارکردنی خزمەت

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**و سەرجەم وەزارەتەکان و دەستە و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت**

## ماددەی (٦)

لەسەر داوای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و بە فەرمانی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (١/١/٧٥٧٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/١٣، لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ ئەوەی ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٢) بە یەک شێوە جێبەجێ بکرێت و دەستنیشانی کێشەو گیروگرفتەکانی جێبەجێکردنی بکرێت، و لە دەرەنجامی بەدواداچوونی شێوازی جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە لەلایەن تیمەکانی دیوانی چاودێری دارایی و تیمەکانی دەستەی دەستپاکی و لیژنەیەکی تایبەت لە وەزارەتی دارایی و ئابووری/ ب.گ. میلاکات کۆمەڵێك کێشە و گیر و گرفت دەستنیشان کران:

١- تێبینی هەیە لەسەر ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٦ تایبەت بە ڕاگرتنی پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران کە لە ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ بووەتە بنەما، و جێبەجێ کردنی ماددەی (٦) لە یاسای چاکسازی پەیوەستە بە دووبارە گەڕاندنەوەی پلە بەرزکردنەوە بۆ هەموو ئەو فەرمانبەرانەی کە شایستەی پێدانی پلەن، و پێویستە هەریەك لە وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پلاندانان پلەکان بە (حذف واستحداث) تۆمار بکەن و بیچەسپێنن لە یاسای بوودجەی هەرێمی کوردستان.

٢- لە ئەژمارکردنی خزمەتی پێشمەرگایەتی و ئاوارەیی و ...هتد ڕەچاوی گشتاندنی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە ٢٣ی ساڵی ٢٠٠٤ و ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥١)ی ساڵی ٢٠٠٧ و هەردوو ڕێنمایی ژمارە(٣ و ٨)ی ساڵی ٢٠١٠ نەکراوە.

٣- فەرمانبەری ڕێکخراوەکان کە بوونەتە میلاکی هەمیشەیی لەسەر دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بەدەر لە یاسای ڕاژەی شارستانی دامەزراون و پلە و پایەیان پێدراوە، بەرایی پێویست لە دۆسییەکانیان نییە و ناو و ناونیشانەکانیان لەگەڵ بڕوانامە و خزمەتیان ناگونجێت و فەرمانی دامەزراندنیان نییە و هیچ بڕگە و ماددەیەك لە یاسای چاکسازی و ڕێنمایی دارایی چارەسەری ئەم بابەتەی نەکردووە.

٤- لە ماددەی (٦) بڕگەی (پێنجەم) خاڵی (١) هاتووە (هەر پێگەیەکی یاسایی لە بواری ڕاژەی شارستانی ڕاژەی گشتی درابێت بە فەمانبەر بە بڕیاری کارگێڕی ئەو پێگەیە پارێزراو دەبێت) ئەو بابەتە تەفسیری جیاواز هەڵدەگرێت.

٥- بەهۆی بارودۆخی کارگێڕی و سیاسی هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) زۆرێک لە دۆسییەکان سووتاون و ئەوەش ئاستەنگە لە بەردەم جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنمایی چاکسازی بە تایبەت لە وەزارەتی ناوخۆ.

٦- بەهۆی جیاوازی لە ڕێنماییەکان بەتایبەت هەژمارکردنی ڕاژە لەنێوان هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی جیاوازی دروست دەبێ لەسەر چۆنیەتی ئیش کردن لە پێداچوونەوە بە دۆسییەی کەسی بۆیە دەبوو ڕەچاوی ئەوە بکرایە.

٧- دوای دەرچوواندنی رێنمایی ژمارە ١٢ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٢٩ ڕێنمایی ڕێکخستنەوەی هەژمارکردنی خزمەت و پلەی وەزیفی لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری گشت وەزارەت و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت دەستیان بە پێداچوونەوە بە دۆسییەی فەرمانبەران کرد و لە دەرئەنجامی ئەم پێداچوونەوە دۆسییەی **(٣٤٠٩٢١)** فەرمانبەر ووردبینیان بۆ کرا:

| ژ | ناوی وەزارەت یان دەستە | ژ. گشت دۆسییەکان | ژ. دۆسیەی ووردبینیکراو | ژ. زیادەی پلە | ژ. زیادەی سەر مووچە | جیاوازی کۆی مووچە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان | ٥٩٨ | ٢٠٠ | ٣٨٨ | ٤٣٩ | ٧١،٧٦٧،٢٨٠ | بەردەوامن |
| ٢ | سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان | ٦٢٠ | ٦٢٠ | ٥٣ | ٣٦ | ٤،٧٢١،٠٣٠ | تەواو بووە |
| ٣ | ئەنجومەنی دادوەری | ٢١٨٧ | ١٧٢١ | ٣٨ | ١١٠ | ٦،٨٩٧،٠٠٠ | بەردەوامن |
| ٤ | سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | ١٠٨٦ | ١٠٣٥ | ٩٢٣ | ١٩٢٧ | ١٣٣،٨٤٤،٧٨٠ | بەردەوامن |
| ٥ | دیوانی چاودێری دارایی | ٣٨٩ | ٣٨٩ | ٣٩ | ٣١ | ١٣٩٠٧٠٠٠ | تەواو بووە |
| ٦ | دەستەی دەستپاکی | ٢٠٢ | ٢٠٢ | ١١ | ٧ | ٣،١٣٧،٠٠٠ | تەواو بووە |
| ٧ | وەزارەتی  ناوخۆ | ٥٤٠٥ | ٥٢٢٦ | ١١٧ | ٢٥ | ٣٢،٠٥٨،٠٠٠ | شارستانی بەردەوامن |
| ١٠ | وەزارەتی داد | ٤١٥٨ | ٤١٥٨ | ٦٢ | ٥٣ | ١٤،٥١٤،٣٥٠ | تەواو بووە |
| ١١ | وەزارەتی پەروەردە | ١٦٢٦١٣ | ١٦٢٦١٣ | ٢٦٢ | ٤٤٠٤ | ٢٢١،٩١٥،٨٤٧ | تەواو بووە |
| ١٢ | وەزارەتی ئاوادانکردنەوە و نیشتەجێکردن | ٥١٧٥ | ٥١٧٥ | ٣٤٦ | ١٥٩ | ٤٢،٩٦٩،٠٠٠ | تەواو بووە |
| ١٣ | وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو | ٩٨٤٩ | ٩٨٤٩ | ١٦٠ | ٨٤٣ | ١٨،٠٥٧،٠٠٠ | تەواو بووە |
| ١٤ | وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار | ٢٤٣٨٢ | ١٧٥٢٧ | ٧٢١ | ١٧٥٤ | ٤٢،٠٥٦،٤٩٨ | بەردەوامە |
| ١٥ | وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن | ٤٩١٢ | ٤٩١٢ | ٣١٧ | ٧٤٦ | ٥٠،٧٤٨،٧٥٠ | تەواو بووە |
| ١٦ | وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان | ٦٨٥٦ | ٦١٦٨ | ٨٧٤ | ٧٠٠ | ١٦٧،٣٥٠،٢٠٠ | بەردەوامن |
| ١٧ | وەزارەتی تەندروستی | ٤٩٢٢٧ | ٤٠٨٩٣ | ٦٩٢ | ١٤٤٢ | ١٣٩،٥٩١،٢٥٠ | بەردەوامن |
| ١٨ | وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی | ٥٨٥٠ | ٤٩٠٣ | ٢٥ | ٣١ | ٦،٩٧٧،٧٥٠ | بەردەوامن |
| ١٩ | وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان | ١٣٥٩ | ١٣٥٩ | ١٦٨ | ٤٦ | ٤٩،٨٣٢،٠٠٠ | تەواو بووە |
| ٢٠ | وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی | ١٢٥١٠ | ١٢٥١٠ | ١١٣ | ٢٢٥ | ١٢،٦٤٨،٠٠٠ | تەواو بووە |
| ٢١ | وەزارەتی دارایی و ئابووری | ١٤٤٣٧ | ١٤٤٣٧ | ٩٨٦ | ١٥٤٨ | ١١٦،١٥٧،٥٠٠ | تەواو بووە |
| ٢٢ | وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی | ٣١٤٩ | ٣١٤٩ | ١١٨ | ٣٠٨ | ٢٢،٣٠٧،٠٠٠ | تەواو بووە |
| ٢٣ | وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | ٣١٣٥٠ | ٢٥٠٦٢ | ٢٩٨ | ١٦٤ | ١٠٣،٣٩٦،٧٨٠ | بەردەوامن |
| ٢٤ | وەزارەتی کارەبا | ١٤١٣٩ | ١٤١٢٢ | ١٩٣ | ١٠٢ | ٥٣،٦٥٦،٨٣٨ | تەواو بووە |
| ٢٥ | وەزارەتی پلاندانان | ١٠٣٤ | ١٠٣٤ | ٢٠ | ٥٢ | ٤،٧٩٩،٠٠٠ | تەواو بووە |
| ٢٦ | وەزارەتی سامانە سروشتییەکان | ١٨٧٥ | ١٥٨٧ | ٤٨ | ١٠٤ | ٩،٦٧٠،٠٠٠ | تەواو بووە |
| ٢٧ | دەستەی وەبەرهێنان | ٥٠٠ | ٥٠٠ | ٧٩ | ٣٥ | ٥،٧٢٣،٠٠٠ | تەواو بووە |
| ٢٨ | دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم | ١٥٠ | ١٣٠ | نیە | نیە | نیە | تەواو بووە |
| ٢٩ | دەستەی مافی مرۆڤ | ٢٩٦ | ٢٩٦ | ٢٢ | ١١١ | ٤،٢٣٦،٠٠٠ | تەواو بووە |
| ٣٠ | کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردن و راپرسی | ٥٤٠ | ٥٤٠ | ١١ | ٢ | | تەواو بووە |
| ٣١ | دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە | ٣٧٦ | ٣٧٦ | ٨٤ | ٧ | ٧،٢٦٢،٥٥٠ | تەواو بووە |
| ٣٢ | دەزگای گشتی کاروباری مین | ٢٢٨ | ٢٢٨ | ٢٨ | ٢٠٣ | ٦٠٧،٤٠٠ | تەواو بووە |
| | **کۆی گشتی** | **٣٦٥٤٥٢** | **٣٤٠٩٢١** | **٧١٩٦** | **١٥٦١٤** | **١،٣٦٠،٨٠٨،٨٠٣** | |

- دەرئەنجامی جێبەجێکردنی رێنمایی دارایی ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠٢٠ و هەموارەکەی بە ژمارە (٣٩) لە ٢٠٢١/٩/٢١، تایبەت بە یەکخستنەوەی دۆسییەی کەسی گشت ئەفسەر و پلەدار و پێشمەرگە لە دروستکردنی دۆسییەی کەسی لیژنەی تایبەت بە ئامادەکردنی دۆسییەی کارمەندان و ئەفسەران لە کارکردن بەردەوامن بۆ دروستکردنی دۆسییەکان لە لیوا هاوبەشەکانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

| ژ | جۆری دۆسییە | کۆی گشتی دۆسییە | دۆسییەی ئامادەکراو |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەفسەران | **٤،٦١٣** | ٢،٣٥٢ |
| ٢ | پێشمەرگە و کارمەند | **٥٥،٤٠٣** | ٣٩،٦٣٠ |

# بەشی حەوتەم: بواری خانەشینی

## ماددەی (٧)

بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری بەردەوامە لە کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە بە پشتبەستن بە ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە یەکخستنی خانەنشینی ئەوانەی لە بڕگەی یەکەمی ماددەی٧ دا هاتوون:

| پلەی خانەنشینی | ئەوانەی بە فعلی پۆستەکەیان بینیوە | ژمارەی خانەنشینانی هەموارکراو |
|---|---|---|
| دادوەر | ١١٣ | ١١٣ |
| پەرلەمانتار | ٣٢٥ | ١٧١ |
| وەزیر | ١٤١ | ٥١ |
| بریکاری وەزیر | ١٣٩ | ١٣٩ |
| ڕاوێژکار | ٢٩٧ | ٢٩٧ |
| بەڕێوەبەری گشتی | ٤١٦ | ٣٦٩ |
| **کۆی گشتی:** | ١٣٨٤ | ١١٤٠ |

## ماددەی (٨)

**هەڵوەشانەوەی گشت بەڕێوبەرایەتی خانەنشینی و گواستنەوەیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

- وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بەفەرمانی وەزاری ژمارە (١١٥٩٥) لە ٢٠٢١/٧/٢٤ لە قۆناغی یەکەمدا دۆسییەی (٢٤٢٤) خانەنشینی (خانەنشینی سەربازی، خانەنشینی بە هۆکاری تەندروستی، خانەنشینی کۆچکردوو) لیستی مووچە و میلاکیان گواستراوەتەوە سەر بەڕێوبەرایەتی گشتی خانەنشینی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری.
- وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بە فەرمانیان ژمارە (١٨٢٦٢) لە ٢٠٢١/١٢/١ لە قۆناغی دووەم دۆسییەی (١٣٦) خانەنشینی تریان گواستووەتەوە سەر بەڕێوبەرایەتی گشتی خانەنشینی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

- بە پشتبەستن بەم ماددەیە لەمەودوا دۆسییەی خانەنشینان پێشمەرگە کاتێک لە خزمەت خانەنشین دەبن ڕاستەوخۆ دەگوازرێنەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری وەک هەنگاوی یەکەم وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بە فەرمانی وەزاریان ژمارە (أ/١٨/٤٦٤٨) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/١٣ دۆسییەی (٥٩) خانەنشینیان گواستۆتەوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری.

پرۆسەکە بەردەوامە لە نێوان هەردوو وەزارەت.

**دامەزراندنی سندوقی خانەنشینی:**

ئاماژە بە ماددەی (١) بڕگەی/ سێیەم لەم یاسایە، کارا کردن و پشتیوانی کردنی دارایی سندوقی خانەنشینی بۆ ڕێگرتن لە هەر خەرجییەک لەسەر سندوقەکە جگە لەو مەبەستانەی لە یاسای خانەنشینی کارپێکراو ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمدا هاتووە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە نراون:

- پەیڕەوی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٠ پەیڕەوی ناوخۆی سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان - عێراق.
- ڕێنمایی دارایی ژمارە ٢٤ ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە سندوقی خانەنشینی دەرچوواند.
- گشتاندنی دارایی ژمارە (٢٤) لە ٢٠٢٠/١١/٢٥ سندوقی خانەنشینی.
- فەرمانی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥٦٧) لە ٢٠٢١/١٢/١٥ تایبەت بە دامەزراندنی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوقی خانەنشینی.
- ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوقی خانەنشینی یەکەم کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٢٢ بە ئامادەبوونی سەرۆک و ئەندامانی و کۆنووسێکیان ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری کردووە.

## ماددەی (٩) و (١٠)

**هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی پلە باڵاکان کە وەک ڕێزلێنان پێیان دراوە یان بە پلەیەکی بەرزتر خانەنشین کراون:**

لیژنەی پێکهاتوو بە بڕیاری ژمارە (٧٦) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٧ بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی ئەم ماددەیەی گرتووەتەبەر بەپێی ئەم دەرەنجامانەی لە خوارەوە دەخەینەڕوو:

| پلە | کۆی گشتی | وەک ڕێزلێنان | بە پلەیەکی بەرزتر | دۆسیەی تایبەت |
|---|---|---|---|---|
| وەزیر | ٤١ | ٣٥ | ٦ | |
| بریکاری وەزیر | ٣٥ | ١٩ | ١٠ | ٦ |
| راوێژکار | ٤٦ | ٤١ | ٥ | |
| بەڕێوبەری گشتی | ٣٥٤ | ٣٥٤ | | |

- ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری ژمارە (١٤٢) لە ٢٠٢٢/٤/٦ لیژنەیەکی وەزاری لە هەرسێ فراکسیۆنی سەرەکی لەناو حکومەت بە هەماهەنگی لەگەڵ سکرتێری لیژنەی باڵای بەدواداچوونی یاسای چاکسازی پێکهێناوە بە مەبەستی یەکلایی کردنەوەی لیستی ناوی ئەو بەڕێزانەی کە ئەم ماددە ٩ دەیانگرێتەوە.

# بەشی هەشتەم: حوکمەکانی کۆتایی

## ماددەی (١١)

**(یەکەم، دووەم، سێیەم):**

**ڕاسپاردە بۆ ئەم ماددەیە:**

یاسای چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/١ بە گرتنەبەری سەرجەم میکانیزم و ڕێکارەکانی کەوتۆتە بواری جێبەجێکردن و بە پشت بەستن بە حوکمی بڕگەکانی ئەم ماددەیە. پێویستە دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی دەستپاکی و داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان- عێراق لەم بارەیەوە کاری پێویست ئەنجام بدەن بەپێی ئەو ئەرکەی کە لەم یاسایەدا بۆیان دیاریکراوە، بۆ ئەو ماددانەی لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژە بە جێبەجێ کردنیان کراوە یان کەوتوونەتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

## ماددەی (١٢)

**(یەکەم و چوارەم):**

**دامەزراندن لە وەزیفەکانی (بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکار و سەرووتر) و (پەیڕەوی مەرجەکانی دامەزراندن بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بەرەو ژوور):**

ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوی مەرجەکانی دامەزراندنی پلە باڵاکان لە بەڕێوەبەری گشـــتی و ڕاوێژکار بەرەو ســـەرەوە دەرکردووە و چووەتە باری جێبەجێکردنەوە لە ژمارە (٢٥٣) ی وەقایعی کوردســـتان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/١٦ بڵاو کراوەتەوە.

**(دووەم و سێیەم):**

خانەنشین کردنی فەرمانبەر بەپلەی (بەڕێوەبەری گشتی و سەرووتر کە پێکهاتەی ئیداری لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و سەرووتر بەڕێوە نابەن و سەرۆکی یەکە ئیدارییەکانی (پارێزگار، قائمقام، بەڕێوەبەری ناحیە)ش دەگرێتەوە:

لە سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەک پێکهاتووە بە ژمارە (٩٤٤٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/١٢ بۆ پێداچوونەوە بە دۆسییەی بەڕێوەبەری گشتی و پلەباڵا و پارێزگار و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە ئەوانەی کە پێکهاتەی ئیداری بەڕێوە نابەن. لیژنەکە بە لیستێک ژمارە و ناونیشانی ئەو کەسانەی دیاری کردووە کە لە خوارەوە بۆتان دەخەینەڕوو لەگەڵ پێشنیارەکانیان بۆ چۆنیەتی یەکلایی کردنەوەیان لە بەردەوامبوون لە کار

یان خانەنشینکردنیان کە ئەم پێشنیارانە بۆ ئەوەیە تاوەکو ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری پێویست لە بارەیانەوە بدات.

| ز | ناونیشانی وەزیفی | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | بریکاری وەزارەت | ٣ |
| ٢ | پارێزگار | ١ |
| ٣ | جێگری پارێزگار | ٤ |
| ٤ | بەڕێوەبەری گشتی | ٦٥ |
| ٥ | قائمقام | ٢٩ |
| ٦ | بەڕێوەبەری ناحیە | ٥٢ |
| | **کۆی گشتی:** | **١٥٤** |

## ماددەی (١٣): سیستەمی بانکی

**تایبەتە بە وەزارەتی دارایی و ئابووری و لیژنەی باڵای بایۆمەتری و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری:**

**یەکەم: ١ و ٢: ڕێکخستنەوەی بواری بانکی و کردنەوەی ئەژمێرەی بانکی**

١- لەبەر ئەوەی بانکەکانی سەربە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سیستەمی سوێفتی جیهانی نەبەستراوە بۆیە پێویست بوو بانکێکی حکومی لەلایەن بانکی ناوەندی عێراق مۆڵەت وەرگرێت، لە کابینەی نۆیەم هەنگاوەکانی دامەزراوەکانی بانکی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان دەستی پێکردووە و مۆڵەتی سەرەتایی لە بانکی ناوەندی عێراق وەرگرتووە بە نووسراویان ژمارە ٢٠٥٤/٨/٩ لە ٢٠٢٢/٢/٦.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (١٤٨) لە ٢٠٢٢/٥/١١ وەزارەتی دادی راسپارد بە وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی پێویست بە گواستنەوەی سەرجەم ئەو مولْکانەی کە خەمڵاندنی بەهایان بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی هاوبەشی نێوان (بانکی ناوەندی عێراق و وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان) کە ژمارەی ئەو موڵکانە پێك دێت لە (٧٧) موڵك لە سنووری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان کە بەهاکەی (٢٢٥) ملیار دینارە و هاوکات بە کاش (٢٥) ملیار دینار وەك سەرمایەی بانکی نیشتمان لە هەرێمی کوردستان دانراوە.

٢- تەکنەلۆجیای بانکەکان لە وەزارەتی دارایی و ئابووری ژێرخانی ئەلیکترۆنیی ئامادە کردووە بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری لە ئەنجومەنی وەزیران.

٣- لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە (٣٣,٨٠٠) پێشمەرگە مووچە لە بانک وەردەگرن.

**دووەم: زیادکردنی کەمترین مووچەی خانەنشینی**

ئەم برگەیە پێویستی بە هەموار کردنی یاسای خانەنشینی ٢٧ ی ساڵی ٢٠٠٦ و یاسای ژمارە ١٨ی ساڵی ٢٠١١ مووچە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و یاسای ٣٨ی ساڵی ٢٠٠٧ مووچە و خانەنشینی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان، یان جێگیرکردنی ئاستی زیاد کردنی مووچەی خانەنشینی لە یاسای بوودجەی هەرێمی کوردستان.

**سێیەم: قەرزە بازرگانییەکان**

پرۆسەی جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە لە یاسای چاکسازی بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری و بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان دەستی پێکردووە و لە ڕێگەی نوێنەرانی بانکەکان بەپێی یاسای (قانون تحصيل الديون الحكومية رقم (٥٦) لسنة ١٩٧٧) ڕێکارەکانی وەرگرتنەوەی قەرزەکان ئەنجام دەدرێت و مامەڵە لەگەڵ دۆسییەی قەرزدارەکان دەکرێت.

**دەرئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەینەڕوو:**

**یەکەم:** لە کۆی گشتی قەرزە بازرگانییەکان کە ئەسلی قەرزەکە بڕی **(٤٢٩،٣٨٦،٩٣٨،٩٨٨)** ملیار دینارە و بە سوودی کەڵەکەبووی بانکییەوە دەبێتە بڕی **(٩٦٩،٤٠٢،٨١٥،٨٤٩)** ملیار دینار، ئێستا بڕی **(٤١،٢٤٤،١٩٩،٤٠٧)** ملیار دینار گەڕاوەتەوە.

**دووەم:** ژمارەی ئەو موڵکانە کە بەرامبەر قەرزەکانی ئاسانکاری بانکی ڕەهن کراون **(١٦٩)** موڵکە.

**سێیەم:** لەدوای کەوتنە بواری جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/١ و گرتنەبەری ڕێکارە یاساییەکان دەرەنجامی وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانییەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

| ژ | ناوی بانک | سەرجەمی دۆسییەکان | کۆی موڵکی رەهن کراو | ئەسلی قەرزەکان | سودی قەرز | گۆڕمەی گەڕاندنەوەی قەرز (بەرەهن/ بە نەقد) | | | کۆی قەرزی ماوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | بە موڵک گەڕاوەتەوە بۆ بانک | بە کاش | کۆی گۆڕمەی گەڕاوە | |
| ١ | زاگرۆس | ٢٥ | ٥٣ | ٤١،٣٥٢،٨١٥،٠٤٤ | ٥٧،٦٣٠،٤٣٧،٣٦٨ | ٠ | ١،٥١٨،٧٤٥،٦١٠ | ١،٥١٨،٧٤٥،٦١٠ | ٩٧،٤٦٤،٥٠٦،٨٠٢ |
| ٢ | دووین | ١ | ١ | ٩٥،٠٠٠،٠٠٠ | ١٤٣،٣٥٢،٧٩٨ | ٠ | ١٠٠،٠٠٠،٠٠٠ | ١٠٠،٠٠٠،٠٠٠ | ١٣٨،٣٥٢،٧٩٨ |
| ٣ | فیدراڵ | ٤ | ٧ | ٢٨،١٦٥،٠٠٠،٠٠٠ | ٣١،٦١١،٩٨٠،٨١٦ | ٠ | ٠ | ٠ | ٥٩،٧٧٦،٩٨٠،٨١٦ |
| ٤ | کۆیە | ٢٠ | ٢٠ | ٥٥٥،٨٧٥،٩٥٠ | ١٤،٧٢٧،٢٠٠ | ٠ | ٨٦،٠٥٠،٠٠٠ | ٨٦،٠٥٠،٠٠٠ | ٤٨٤،٥٥٣،١٥٠ |
| ٥ | عەنکاوە | ١ | ٠ | ٩٠،٠٠٠،٠٠٠ | ٦٢،٣١٥،٠٥٤ | ٠ | ١٥٢،٣١٥،٠٥٤ | ١٥٢،٣١٥،٠٥٤ | ٠ |
| ٦ | نیشتمان | ٣٤ | ٥٧ | ٢٧،٨١٣،٠٠٠،٠٠٠ | ٣٩،٧٨٥،٤٤٨،٣٧٢ | ٣١٥،٠٠٠،٠٠٠ | ٦،٣٣٤،٧٣٢،٣١٣ | ٦،٦٤٩،٧٣٢،٣١٣ | ٦٠،٩٤٨،٧١٦،٠٥٩ |
| ٧ | باواجی | ١ | ١ | ٢٠،٩٧٦،٣٥٠ | ٥٦١،٤٠٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢١،٥٣٧،٧٥٠ |
| ٨ | دێدەوان | ٩ | ٤٢٨ | ٢١١،٤٧٦،٠٠٠،٠٠٠ | ٣٧٩،٤١٤،٨٩٨،٤١١ | ٠ | ٠ | ١،٢٧٦،٠٦٠،٠٠٠ | ٥٨٩،٦١٤،٨٣٨،٤١١ |
| ٩ | هەریر | ٤ | ٦ | ٥٣٢،٤٨٣،٨٠٠ | ٦٨٧،٩٠٣،٧٥٠ | ٤٠،٠٠٠،٠٠٠ | ٨٢،٢٩٥،٥٠٠ | ١٢٢،٢٩٥،٥٠٠ | ١،٠٩٨،٠٩٢،٠٥٠ |
| ١٠ | منارە | ١ | ٢٠ | ٧،٩٦٠،٧٣٢،٧٩٧ | ٢٢،٨٦٩،٨٩٠،٧٦٨ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣٠،٨٣٠،٦٢٣،٥٦٥ |
| ١١ | سەربەن | ٢ | ٥ | ١٤٧،٢٥٧،١٧٥ | ١٣٥،٢٨٨،١١٤ | ٠ | ٢١٨،٦٧٥،٠٠٠ | ٢١٨،٦٧٥،٠٠٠ | ٦٣،٨٧٠،٢٨٩ |
| ١٢ | داسنیا | ٢ | ٣ | ١،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠ | ١،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| ١٣ | گۆیژە | ١٠ | ١١ | ٢٤،٧٦٤،٠٠٠،٠٠٠ | ١،٤٨٧،٩٣٢،٣١٨ | ٢٥،٦٠٠،٠٠٠،٠٠٠ | ٧٤،٠٠٠،٠٠٠ | ٢٥،٦٧٤،٠٠٠،٠٠٠ | ٥٧٧،٩٣٢،٣١٨ |
| ١٤ | ئاڵای هەرێم | ١٣ | ١٤ | ٧٢٤،٠٠٠،٠٠٠ | ٥١٦،٧٨٩،٩٨٣ | ٠ | ٧٠،٣١٩،١٢٠ | ٧٠،٣١٩،١٢٠ | ١،١٧٠،٤٧٠،٨٦٣ |
| ١٥ | ئاشتی | ١٥ | ١٤ | ٣،٢٣٤،٣٠٩،٣٤٧ | ٣،٢١٥،٤٩٢،٣٠٩ | ٨٠٠،٠٠٠،٠٠٠ | ٢،٧٨٩،٨٦٥،٠٠٠ | ٣،٥٨٩،٨٦٥،٠٠٠ | ٢،٨٥٩،٩٣٦،٦٥٦ |
| ١٦ | سلێمانی/١ | ١٥ | ١٦ | ٨٠،٨٤٣،٨٦٥،٤٢٥ | ١،٢٠٤،٥٧٦،٦٥٠ | ٠ | ١،٧٠٢،٨٣٨،٧١٠ | ١،٧٠٢،٨٣٨،٧١٠ | ٨٠،٣٤٥،٦٠٣،٣٦٥ |
| ١٧ | توی مەلیک | ١ | ١ | ٤٢،٦٨٩،٢٥٠ | ٤٦،٧٣٢،٥٠٠ | ٠ | ٤٦،٧٣٢،٥٠٠ | ٤٦،٧٣٢،٥٠٠ | ٤٢،٦٨٩،٢٥٠ |
| ١٨ | قەڵادزێ | ٣ | ٣ | ٨٣،٦٥٥،٠٠٠ | ١٠٣،٥٧٩،١٠٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٨٧،٢٣٤،١٠٠ |
| ١٩ | ئەزمەر | ٥ | ٦ | ٣٦٠،٠٠٠،٠٠٠ | ٩،٣٣٦،٢٥٠ | ٠ | ٣٦،١٢٠،٠٠٠ | ٣٦،١٢٠،٠٠٠ | ٣٣٣،٢١٦،٢٥٠ |
| ٢٠ | رانیە | ١ | ١ | ٤٤٥،٢٥٠ | ٥،٣٥٠ | ٠ | ٤٥٠،٦٠٠ | ٤٥٠،٦٠٠ | ٠ |
| ٢١ | دەربەندیخان | ٢ | ٣ | ١٢٤،٨٣٣،٦٠٠ | ٧٤،٦٢٨،٣٥٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٩٩،٤٦١،٩٥٠ |
| **کۆی گشتی** | | **١٦٩** | **٦٧٠** | **٤٢٩،٣٨٦،٩٣٨،٩٨٨** | **٥٤٠،٠١٥،٨٧٦،٨٦١** | **٢٦،٧٥٥،٠٠٠،٠٠٠** | **١٣،٢١٣،١٣٩،٤٠٧** | **٤١،٢٤٤،١٩٩،٤٠٧** | **٩٢٨،١٥٨،٦١٦،٤٤٢** |

| زانیاری لەسەر کۆی گشتی قەرزەکان | | |
|---|---|---|
| ١ | بڕی قەرزی ئاسانکاری | **٤٢٩،٣٨٦،٩٣٨،٩٨٨** |
| ٢ | بڕی سودی بانکی | **٥٤٠،٠١٥،٨٧٦،٨٦١** |
| ٣ | کۆی قەرز + سود | **٩٦٩،٤٠٢،٨١٥،٨٤٩** |
| ٤ | ئەو پارەیەی گەڕاوەتەوە | **٤١،٢٤٤،١٩٩،٤٠٧** |
| ٥ | ئەو پارەیەی نەگەڕێندراوەتەوە | **٩٢٨،١٥٨،٦١٦،٤٤٢** |

## ماددەی (١٥): سیستەمی بایۆمەتری

لیژنەی باڵای بایۆمەتری بە بڕیاری ژمارە (٦٥) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٧ی ئەنجومەنی وەزیران پێکهات و یەکەم کۆبوونەوەی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٧ ئەنجام دا بە مەبەستی گرێدانی سەرجەم مووچە و منحە و شایستە داراییەکان بە سیستەمی بایۆمەتری بۆ ئەوەی لە مەودوا بەپێی سیستەمی بایۆمەتری گشت مووچە و منحە وەربگیرێت، لە ئێستادا لیژنەی باڵای بایۆمەتری سەرقاڵی تۆماری دواکەوتووانە لە فەرمانبەرانی شارستانی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هێزەکانی پێشمەرگە و سەرجەم خانەنشینانی شارستانی و سەربازی کە تا ئێستا بایۆمەترییان بۆ نەکراوە و وەک قۆناغی دووەمی پرۆگرامی بایۆمەتری پووختەیەک لە بەرەو پێشچوون و دەرەنجامەکانی ئەم پرۆسەیە بەم شێوەیە دەخەینە ڕوو:

١- تەواو بوونی سیستەمی دیجیتاڵی بەڕێوەبردنی مووچەخۆران (Payroll Management System) کە لە وەشانی یەکەمدا بریتییە لە تۆمارکردنی مووچەخۆر بۆ یەکە ژمێرارییەکان، بە دیجیتاڵکردنی ڕێڕەوی خشتەی مووچە کارکردنی یەکە ژمێرارییەکان لەسەر لیستی مووچە.

٢- تەواو بوونی سیستەمی دیجیتاڵی گواستنەوەی مووچە، کە لە ڕێگەی سیستەمی دیجیتاڵی بەڕێوەبردنی مووچەخۆرانەوە ئەنجام دەدرێت.

٣- تەواوبوونی سیستەمی دیجیتاڵی بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان (Mini- HR) کە ئەمەش بەشێکە لە سیستەمی دیجیتاڵی بەڕێوەبردنی مووچەخۆران.

٤- تەواوبوونی ڕێژەی ٨٠%ی دروست کردن و گەشەپێدانی پرۆگرامی نوێی بایۆمەتری کە لە توانایدایە لە هەمان کاتی تۆمارکردندا ژمارەی کەسی بێ هاوتا بەردەست بخات.

٥- تەواوبوونی ژێرخانی (API) بۆ پرۆگرامی بایۆمەتری، کە بەکار دێت بۆ پێدانی زانیاری کەسی تۆمارکراو بۆ ئەو سیستەمانەی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەروەها، دانانی هەژماری کەسی بێ هاوتا وەکو بنچینەیەک بۆ پێدانی ئەو زانیارییانە.

٦- ئامادە کردن و بەردەستخستنی (٤٥٦,٢١٢) چوارسەد و پەنجا و شەش هەزار و دووسەد و شانزدە ژمارەی کەسی بێ هاوتا بۆ مووچەخۆرانی جۆری (شارستانی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەروەها، پاکتاوکردن و ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە لە پاش ڕادەستکردنی ژمارەی کەسی بێ هاوتا بۆ مووچەخۆران وەکو تێبینی گەڕێندراوەتەوە بۆ لیژنەی باڵای تۆماری بایۆمەتری.

٧- ڕادەستکردنی (٤٣٣,٢١٣) چوارسەد و سی و سێ هەزار و دووسەد و سێزدە ژمارەی کەسی بێ هاوتا بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری، کە دوابەدوای پاکتاوکردن و ڕاستکردنەوەی گشت هەڵەکان ئامادە کراون بۆ بەکارهێنان. هەروەها، کار لەسەر (٩٩٢٧) نۆ هەزار و نۆسەد و بیست و حەوت ژمارەی کەسی بێ هاوتا دەکرێت لەلایەن لیژنەی باڵای بایۆمەتری کە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم داتایە ڕادەستی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکرێت.

٨- پرۆسەی تۆمارکردنی بایۆمەتری بەردەوامە بۆ کەیسە کێشە لەسەرەکان یان ئەوانەی تاوەکو ئێستا دواکەوتوون لە تۆمارکردن.

٩- لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی، مۆدرێن کردنی حوکمڕانی و بەردەستکردنی سیستەمەکانی قۆناغی (٢)ی بایۆمەتری لە ڕێگای دامەزراندنی سیستەمەکانی ئەلیکترۆنی و دیجیتاڵی تایبەت، پێناسی دیجیتاڵی (**٤٥٦,٢١٦**) چوار سەد و پەنجا و شەش هەزار و دوو سەد و شانزدە کەس کە ڕێژەی ١٠٠%ی فەرمانبەرانی شارستانی لەخۆ دەگرێت ئامادە کراوە. ئەم پێناسە جگە لەوەی وەکو ژمارەی بانکی خاوەنەکانیان بەکار دێن ڕەخسێنەری گشت خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکانن. پێناسی دیجیتاڵی کرۆک و کلیلی سیستەمەی زانیاری دانیشتووانی هەرێمی کوردستانە.

بۆ زانیاری و دوای ئاگادارکردنەوەو پشتڕاستکردنەوەی ژمارەی دیجیتاڵی لەلایەن تیمەکانی لۆجستییەوە کە سەربە لیژنەی باڵای بایۆمەترین لە پارێزگاکان کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ پارێزگاکان کار دەکەن، فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری دەست دەکات بە چاپکردنی کارتی دیجیتاڵی فەرمانبەران بۆ ئاسانکاری لە دەست گەیشتنیان بە خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکان.

## ماددەی (١٦)

دوابەدوای هەڵوەشاندنەوەی یاسای خانەنشینی خاوەن وەزیفە باڵاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە ٣٦ی ساڵی ٢٠٠٤ ئەو فەرمانبەرانەی بە پلەی شارەزا کە ژمارەیان (٤٩٦) فەرمانبەرن و بەپێی ئەم یاسایە خانەنشین کرابوون مووچەکانیان هەموارکرایەوە.

لە ئێستادا یادداشتنامەیان ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بە مەبەستی پێداچوونەوە بە بڕیاری هەموارکردنی مووچەکانیان چ بە ڕێگای هەمووارکردنی یاسای چاکسازی یان بەدەرکردنی ئەو شارەزایانەی کە پێش ٢٠٢٠/٧/١ خانەنشین کرابوون.

ئەم یاداشتە لەژێر دیراسەتدایە لە ئەنجومەنی وەزیران

## ماددەی (١٧)

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پەیرەوی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ی دەرکرد لە ٢٠٢٠/٤/١.